sorani

# خۆ نمونەگرتن بۆ ڤایرۆسی پاپیلۆمی مرۆڤ HPV لە هەرێمی ڤاستمانلاند

*ئەگەر تەمەنت ٣٠ ساڵ یان زیاترە و کاتی ئەوە هاتووە کە تۆ پشکنینی سمیرتێست بکەیت، ئەوا کیتی کۆکردنەوەی نمونە وەردەگریت کە دەنێردرێت بۆ ماڵەکەت. پاشان دەتوانیت لە ماڵەوە تاقیکردنەوەکە ئەنجام بدەیت لەبری ئەوەی بچیتە لای مامان. ئەم کارە بەقەد ئەنجامدانی پشکنین لە نووسینگەی مامان سەلامەتە. ئەگەر پێت باشە مامانێک تاقیکردنەوەکە ئەنجام بدات، پێویستە پەیوەندی بە پزیشکی مامانەکەتەوە بکەیت و کاتێکی بۆ دیاری بکەیت.*

### تاقیکردنەوەکە چی نیشان دەدات

نمونەگرتنەکە نیشان دەدات کە ئایا تۆ HPV ، ڤایرۆسی پاپیلۆمای مرۆڤت هەیە یان نا. لە وەڵامەکەدا پێت دەوترێت کە ئایا نمونەکەHPV ی تێدایە یان نا. هەوکردنی درێژخایەنی HPV دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕانکاری خانەکان لەسەر ملی ڕەحم.

### گۆڕانی خانەکان لە ملی ڕەحم

ئەوە باوە کە گۆڕانی خانەکان بە خۆیان چاک دەبنەوە، بەڵام هەندێک جۆری گۆڕانی خانە پێویستە چارەسەر بکرێن چونکە ئەگەرنا لەوانەیە گەشە بکەن بۆ شێرپەنجە.

### ئەگەر دژی HPV ڤاکسین کرابیت

تەنانەت ئەگەر دژی HPV ڤاکسین کاربیت، پێویستە پشکنین بکەیت چونکە ڤاکسینەکە پارێزگاری لە هەموو جۆرەکانی HPV ناکات کە دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕینی خانەکان.

### کەی کیتی خۆپشکنینی HPV بەکارناهێنیت

- کاتێک پێشتر منداڵدانت لابردبێت.
- کاتێک یارمەتیت لە مامانێک بوێت بۆ ئەنجامدانی پشکنینەکە.

### بەم جۆرە تاقیکردنەوەکە ئەنجام دەدەیت

نمونەکە بە سوابە لۆکەیەک دەهێنیت.

- سوابەکە بخەرە ناو خەمشەکەوە تا نزیکەی ٥ سانتیمەتر.
- سوابەکە داگرە بەسەر دیواری خەمشەکەوە و چەند خولێک بیسوڕێنەوە.
- سوابەکە بخەرە نێو بۆری نموونەکە و دەسکەکەی بشکێنە.
- قەپاغەکە پێچ بدە و بۆرییەکە بخەرە ناو ئەو زەرفەی کە لەگەڵیدا هاتووە.
- پاشان زەرفەکە بخە نێو سندووقی پۆستەی ئاسایی تا پۆست بکرێت.

ڕێنماییەکی ورد لە کیتی نمونەگرتنەکەدا هاتووە.

**ئەگەر شتێک بە هەڵە ڕوویدا لە تاقیکردنەوەکەدا**

دەگمەنە شتێک لە تاقیکردنەوەکەدا بە هەڵەدا بچێت. ئەگەر ئەمە ڕوویدا، ئەوا کاتت بۆ دادەنێین بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامانەکە تا ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە.

**نابێت سەرلەنوێ داوای خۆنموونەگرتنی HPV بکەی**

ئەگەر شتێک لە مادەی نمونەگرتنەکەدا هەڵە بوو (بۆ نموونە ئەگەر شلەکەت لەناو پەرداخەکەدا ڕژاند)، ناتوانیت داوای کیتی نوێی خۆ نمونەگرتن بکەیت. لەبری ئەوە، پێویستە پەیوەندی بە کلینیکی مامانەکەتەوە بکەیت بۆ ئەوەی کاتێک بۆ پشکنینی سمیرتێست حجز بکەیت.

**ئەوە ڕوودەدات دوای نموونەگرتن**

ئەگەر تاقیکردنەکە دەریخست کە تۆHPV ت هەیە، نزیکەی چوار هەفتە دوای شیکردنەوەی نموونەکە بانگ دەکرێیت بۆ تاقیکردنەوەی خانەکانی ملی رەحم. پاشان مامانەکە نمونەیەک بۆ HPV و نمونەیەک بۆ گۆڕانکاری خانەکان لە ملی ڕەحم وەردەگرێت.

ئەگەر دەرکەوت کە گۆڕان لە خانەکانی ملی رەحمت روودابێت، ئەوا لەلایەن پزیشکێکەوە بانگ دەکرێیت بۆ پشکنینی زیاتر.

ئەگەر ئێچ پی ڤیت نییە، پێویست ناکات هیچ شتێکی تر بکەیت.

sorani

**خۆنمونەگرتنی HPV وا سەلامەتە وەک ئەوەی نموونە مامانەکە نموونەی HPV**

**خۆنموونەگرتنی HPV بەقەد پشکنینی HPV کە لەلایەن مامانێکەوە ئەنجام دەدرێت سەلامەتە**

ئەزموونی درێژخایەن لە لێکۆلینەوەی توێژینەوەکان نیشان دەدات کە خۆ نمونەگرتنی HPV بەقەد وەرگرتنی نمونە بۆ HPVلەلایەن مامانەوە سەلامەت و دڵنیایە.

**دەتوانیت نمونەگرتنەکە وا باش ئەنجام بدەیت هەر وەکوو مامانێک**

کاتێک خۆنموگرتنی HPV دەکەیت، پێویست ناکات نمونەکە ئەوەندە دوور بخەیتە نێو خەمشەکە وەک ئەوەی کاتێک مامان نمونەی خانەیەک وەردەگرێت. ئەوە بەسە بۆ ئەوەی سەرەوەیەک چەند سوڕانەوەیەک لەنێو خەمشەکە بخولێتەوە. پاشان ئەو خانانەی کە پێویستن بۆ شیکردنەوە کۆدەکەیتەوە کە ئایا HPV لە نمونەکەدا هەیە یان نا.

**پێشتر گۆڕانکاری خانەکانم هەبووە و بۆیە زۆر پەرۆشم کە تاقیکرنەوەکە بە دروستی ئەنجام بدرێت، چۆن بزانم کە خۆم دەتوانم بیکەم؟**

کارێکی ڕاست ئاسانە، بەڵام ئەگەر حەز دەکەیت مامانێک تاقیکردنەوەکە ئەنجام بدات، دەتوانیت لە کلینیکی مامانی کە ناوتان لە لیستەکەیاندایە کاتت بۆ دابنێن.

**ئەمانە خۆتاقیکردنەوەی HPV پێشکەش دەکرێن**

ئەگەر تەمەنت ٣٠ساڵ یان زیاتر بێت خۆتاقیکردنەوەیHPV ت پێشکەش دەکرێت. ئەگەر پێشنیاری خۆتاقیکردنەوەی HPVت بۆ نەکرێت، بەپێی ڕۆتینی بانگکردنی ئاسایی کاتێک بۆ پشکنینی سمیرتێست لەلای مامانەکەت بۆ دیاری دەکرێت.

**جیاوازی نێوان سمیرتێست کە لەلایەن مامانێکەوە وەرگیراوە و خۆتاقیکردنەوەیHPV**

کاتێک نمونەی خانەی ملی رەحم لەلایەن مامانەوە وەردەگیرێت، مامان خانەکان لە ملی ڕەحم و لە خەمشەکەوە کۆدەکاتەوە. کاتێک خۆت خۆتاقیکردنەوە HPV دەکەیت تەنها خانەکان لە خەمشەکەوە کۆدەکەیتەوە. بۆیە پێویست ناکات لە کاتی خۆتاقیکردنەوەی HPV خانەکان لە ملی ڕەحمەوە کۆبکەیتەوە، ئەوە مەحاڵە خۆت ئەنجامی بدەیت.